**دوو نووسراوە، لە ڕێگای بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی پارتی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراق و سەرۆکی کوردستانی ئێراق بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستان**

بەڕێز، تەندروستیتان ئاواتمە! لە پێشدا سەرنجتان ڕائەکێشم بۆ نووسینی نامەیەک لە لایەن کەسێک بەناوی عاسی مستەفا ئەحمەد بۆ سەددام حسین و وەڵامی سەددام بە نامەکە. لەگەڵ ئەوەدا وەڵامەکە، وەڵامێکی سامناکە، بەڵام نامەکە پشتگوی نەخراوە، وەڵامی دراوەتەوە !

{ **( بەڵگەنامەی ژمارە** <u>14</u>


١٠

بحلگه نامى زماره ( ١٥ )

الجمهورية العراقية
ديوان الرئاسة

السيد عاصي مصطفى احمد
محافظة السليمانية / قضاء جمجمال
محلة /پيشمس / مسجد حجي ابراهيم

العدد / ش.ع / ب / ٤ / ١٦٥٦٥/٦٥
التاريخ / ٢٠ / ربيع الثاني / ١٤١١ هـ
٢٩ / ١٠ / ١٩٩٠م

طلبك في ٤ / ١٠ / ١٩٩٠م
أن زوجتك واولادك فقدوا أثناء عمليات الانفال
التي جرت في المنطقة الشمالية عام ١٩٨٨ .
مع التقدير .

سعدون علوان مصلح
ع/رئيس ديوان الرئاسة

**بەناوی خوا،**

**سەرۆک کۆمار موهیب روکن صدام حوسین ی بەڕێز خوا بیپارێزێ**

**سڵاوێکتان ئاراستە دەکەم سڵاوی هاوڕێیانەی خەباتکارانەی خۆمتان وەک هاوڵاتییەکی بە ئەمەک پێشکەش دەکەم، بەناوی عەداڵەتی بەعسییەکانەوە لێتان دەپاڕێمەوە داخوزییەکەم بۆ جێبەجێ بکەن کە شەو و ڕۆژی لێم تاڵ کردووە و تووشی گیروگرفتی بێهودەی کردووم. کاتێکیش کە هیچ کەسم لە ئێوە زیاتر شک نەبرد پەنای بۆ بەرم، گیروگرفتەکەم خستە بەرچاوی بەڕێزتان بەشکو ئەمە خوایە چاوێکی بەزەیی پیدا بخشێنن.**

**گەورەم . من کە لەخوارەوە ئیمزام کردووە (عاصی مصطفی احمد ) لە 1990/8/24دا لە ئەسیری گەڕامەوە، سەربازێکی ئیحتیاتم لە دایکبووی 1955 لە ناوچەی شوش دا بەشداریم لە شەڕگەی قادسییەی صدامی سەرکەوتوو کرد و لە 1982/2/27 دا بەدیل گیرام و تا ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری گۆڕینەوەی دیلەکان من هەر دیل بووم. پاشان گەڕامەوە خاکی نیشتمان و خۆڵی ئەم نیشتمانە خۆشەویستەم ماچ کرد و لە بەردەم وێنەی سەرۆکی فەرماندەی سەرکەوتوو صدام حوسێن دا کڕنۆشم برد. دڵیشم پڕ بوو لە پەرۆشی بۆ گەیشتنەوە بەخێزانەکەم تا چاویان بە من شادبێتەوە، منیش بە بینینیان بکەومە خۆشییەکی بێ وێنەوە. بەڵام بەداخ و کەسەرەوە چووم بەسەر خانووی خاڵی و داروخاودا، نە ژنەکەم و نە منداڵەکان نەبینییەوە، ئای لەم کارساتە ترسناکە. پێیان وتم: گشت خێزانەکەت کەوتوونەتە دەست هێزەکانی ئەنفالەوە. ئێستا هیچ لە بارەی چارەنووسیانەوە نازانم. لە بەر ئەوە ئەم سکاڵایەم هێناوەتە لای بەڕێزتان و تکام وایە بفەرمون سۆزێکتان بۆم بجووڵێ و لە بارەی چارەنووسیانەوە ئاگادارم بکەنەوە. خوا سەرکەوتووتان بکا و بتانپارێزێ و سپاس و ڕێزی زۆرم بۆتان.**

**خاوەنی سکاڵانامە، گەڕاوە لە دیلییەتی، بێخانەو لانە لە سلێمانی، سەربازی ئیحتیات.**

**عاصی مصطفی احمد** 1990/10/4 **)}**

**تێبینی : لە ژێر ئەم دیکۆمێنتەدا چەن دێڕێک بە کوردی و ، بەدەست نووسراوە، ئەگەر پێویستە بۆتان ڕەوانە بکەم .**

سەرچاوە، کتێبی تونی مەرگ، لاپەڕەکانی 35 و 36 - زیاد عەبدورەحمان **}**

گۆڤاری هەرێمی کوردستان، گۆڤارێکی <u>ڕەسمی</u> وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراقە، خاوەن ئیمتیازەکەشی وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراقە.

بەڕێز، نامەوێت کاتان زۆر بگرم، شتیک لە بەشی **کاروباری سیاسی** ئەو گۆڤارەدا چاپکراوە، سەرتاپای درۆیە، سەرتاپای سووکایەتیکردنە و سەبارەت بە نووسەری ئەم چەن دێڕەیە! ئەو کارە بەپێ ڕەزامەندی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق ئەنجامدراوە، <u>ئەوان بەرپرسیاری سەرەکین لەم باسەدا !</u>

**بەڕێز فەلەکەدین کاکەی** کە ئێستا وەزیری ڕۆشنبیرییە، بەو جۆرە ئەڵێن: **ژیان لە زۆر ڕووەوە گەمەیەکی جوان و خۆشە، بەڵام کاتێک حکمڕان و سیاسەتوانەکان بە خراپە ڕەفتار دەکەن و لە ئەنجامی بێ عەقڵی خۆیان شەر و شۆڕ بەرپا دەکەن، ئەوسا ژیان دەبێتە گەمەیەکی ناخۆش و قیزەون... .**

لەگەڵ ئەوەی کە ئەوە دیدوبۆچۆنی وەزیری ڕۆشنبیرییە، ماوەی چەن مانگە بە ئیمەیل وام لە پێوەندی لەگەڵ بەرپرسی ئەو گۆڤارەدا، چەن نامە و دوو نووسراوەم بە ئیمەیلی خودی گۆڤارەکە و بە <u>فاکس و ئیمەیلی</u> بیرۆی حکومەتی کوردستانی ئێراق، لە سوید بۆ ڕەوانە کردوون. تەنانەت دوو نامەیشم سەبارەت بەو باسە بۆ خۆتان نووسیوە، بەداخەوە <u>تا ئێستا</u> وەڵامتان نەداوەتەوە. بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ماوەیەک وەڵامیان نەئەدایەوە، پاشان بەو چوار نامە وەڵامیان داوەتەوە:

ئەگەر بەجوانی لە وەڵامەکان بڕوانین بۆمان دەر ئەکەوێت، ئەوەی لە کوردستانی ئێراق، واتە ئەو کوردستانەی کە ئێوە سەرۆکایەتی ئەکەن لە ئارادا نییە، دەستووری حکومەتکردنە بەگشتی و قانوونی چاپەمەنییە بەتایبەتی! با بۆ ڕاست و ناڕاستی قسەکەم لەو نامانە بڕواینین

{ **نامەی یەکەم – یان وەڵامێکی جوانمان بۆ بنووسە کە هەقی خۆتە یان ئێمە لێبوردنت بۆ ئەنووسین چاوەڕوانین.....**

**(** 9– april 2009 **)**

brai zor barezm kak said saqzi**..**

mn sarnusari govari heremi kurdistan amro namai bareztanm wargrt zor bbura ka yakam jara agadar bm**.** ema reganadain kas sukaiaty ba bareztan bkat boia yan welameki jwanman bo bnusa ba kurty ka 7aqi xota yan ema leburdnt bo danusin chawerwanin dubara bbura**....**

sarnusari govari heremikurdistan**...** serzad abdul rahman **)**

**نامەی دووهەم** – سەبارەت بە نووسینی لێبوردنێکە کە لە رۆژی 2009/4/14 دا نووسراوە.

**(** 16 april 2009 **)**

brai zor barezm kaka sa3i saqzi

sllaw u rez**......**

bbura ema dawai leburdnman la dwa zhmarai govar **(**malafi roshnbiri la saity govarekaman – heremikurdistan**.**com**)** bo bareztan nusiwa**....**eitr nazanm rai bareztan chia**....**

sarnusari haremi kurdistan



رۆشنبیری

بەرەو یادی ١١١ ساڵەی جەژنی رۆژنامەگەریی کوردیدا

**بەیادی هێنانەوەی (١٠)یەمین خولی رۆژنامەگەری رۆژنامەی (کوردستان)**

**قاسم محەمەد مستەفا**

پێشەنگی رۆژنامەگەری کوردی رۆژنامەی (کوردستان)ە یەکەمین ژمارەی لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە چاپکراوە، ئەم کاروانە رۆژنامەگەرییە وەستانی بۆ نەبووە تاوەکو بە ئیمرۆکە گەیشتووە بەپێی رەخسانی هەلومەرج و رەخسانی بوار لێرەو لەوێ ئەم رۆژنامەیە لە ژێر ناوی هەمان وشەی (کوردستان) چەند بارە هاتۆتەوە گۆرەپانی خەباتی سیاسی و رووناکبیری، هەندێ جار لە ژێر کەش و هەوا سەردەمی سەخت لە خەباتی ژێر زەمینی درێژە بەکاروانەکەی دراوە پتر لە چەندین رۆژنامەو گۆڤار لە ژێر ناوی (کوردستان) لە پارچەکانی کوردستان هاتۆتە چاپکردن.

ئەم وێنەیەی رۆژنامەی کوردستان خولی (١٠) یەمینی ئەم رۆژنامەیە لە ١٩٦١/٣/٤ یەکەم ژمارەی چاپکراوە لە شاری بەغدای پایتەخت و لە دوا ژمارەشی کە ژمارە (٥)ە لە ١٩٦١/٤/١ هاتۆتە چاپکردن وا لە یادی جەژنی رۆژنامەگەری کوردی دەیخەینەبەر چاوی خوێنەران، شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەم خولەی کە ئاماژەی بۆ دەکەین لەگەڵ سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول لە دەرچوون وەستاوە، ئەم خولەی رۆژنامەی (کوردستان) کە سانی لێهاتوو رۆڵی بەرچاویان هەبووە لە دەوڵەمەندکردنی بە بابەتی جۆراوجۆرو هۆنراوەو رەخنەی ئەدەبی و بابەتی سیاسی وەک (مام جەلال) کە سەرنووسەری بووەو (مام هەژار موکریانی) و (ئیبراهیم ئەحمەد) بەنووسینی و شیعرەکانی عەبدولرەحمان زەبیحی لە بواری هەواڵی رووناکبیریش رۆڵی دیاری خۆی هەبووە.

**لێبوردن لە کاکە سەعی سەقزی**

لە نامەیەکی دلسۆزانەی مەبەست خاوێن و بەرازو گلەیەکی برایانە، برامان نووسەر سەعی سەقزی گلەیەکی ئاراستە کردوین کە لە بابەتێکی پێشووی هەرێمی کوردستان جۆرێک لە برینداربوونی لێی کراوە، کە جێگای داخەو لە نووسەرێکی وەک کاکە سەعی ناگونجێ.. بەرامبەر بەوە، لێبوردن لە برای هێژامان دەکەین دووپاتی دەکەینەوە کە رێز لە نامەکەی دەگرین و ناکرێ هەستی هیچ کەسێک بریندار بکرێت.. ئێمە بڕوامان بە رەخنەی برایانەو بابەتەکەیان هەیەو ناکرێ ئەم رەخنانە ببەن بە مایەی برینداربوونی هیچ نووسەرێکی ئازیز دووبارە داوای لێ بوردن.

**(هەرێمی کوردستان)**

27 2009/4/14 :502

**نامەی سێیەم** 30 /5 / 2009 – ئەم نامە لە کاتێکدا دەنووسن کە دووهەم نامەم بۆ خۆتان رەوانە کردووە:

**( برای زۆر بەرێزم کاکە سەعی سەقزی رێز و حورمەت و خۆشەویستی .....**

**جارێکی تر تکا دەکەم کە ئەوەی پەیوەندی بە ( گۆڤاری هەرێمی کوردستانە) بۆمان بنووسە، تاکو وەکو خۆی بابەتەکەتان بڵاو کەینەوە، بەبێ بریندار بوونی هیچ کەسێک .... مافی خۆتە....... بەڵام بەمەرجێک تەنیا ئەوەندەی کە پەیوەستە بە بابەتەکەی هەرێم. هیچ لە نووسینی تۆمان پێنەگەیشتووە. ئامادەین هاوکاریت بکەین بە زمانێکی بابەتیانە بۆمان روونکردنەوە بنووسە تاکو بە پەلە بڵاوی کەینەوە.**

**لەگەڵ رێزمان سەرنووسەری گۆڤاری هەرێمی کوردستان )**

**نامەی چوارەم – ( 2009/6/3**
**برای زۆر بەڕێزم کاکە سەعی .... ڕێز و حورمەت.**
**پێشتریش بۆم نووسی، تکایە ئێمە دەتوانین قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین کە لە گۆڤارەکەی ئێمەدا بڵاو کراوەتەوە ... هیچ پەیوەندی بە شتی تر نییە. ئەگەر دەتانەوێ وەڵامێکی پوخت لەسەر ئەو بابەتەی حەمە سەعید حەسەن بنووسن سەرچاو. ئەگەر چی ئێمە خۆمان لێبوردنمان نووسیوە. بەڵام دەکرێ بەڕێزتان شتێک بنووسن. بە پوختی و دوور لە باسکردنی شتی تر کە پەیوەندی بە ئێمە نییە.**
**دووبارە حورمەت سەرنووسەر گۆڤاری هەرێمی کوردستان )**

بەڕێز، لە نامەی یەکەمدا دەنووسن: **یان وەڵامێکی جوانمان بۆ بنووسە بە کورتی کە حەقی خۆتە یان لێبوردنت بۆ دەنووسین چاوەڕوانین......**

لە نامە سێیەمدا دەنووسن: **هیچ لەنووسینی تۆمان پێنەگەیشتووە. ..... بەڵام بەمەرجێک تەنیا ئەوەندەی کە پەیوەستە بە بابەتەکەی هەرێم.**

ئەگەر هیچ نووسراوەیەکیان بەدەس نەگەیشتووە، دەبوو چاوەڕوان ببوایەتن تا وەڵامیان دەرایەوە، چۆناوچۆن بەپەلە لێبوردن بڵاو دەکەنەوە؟ ئەگەر هیچیان بەدەس نەگەیشتووە بۆ دەنووسن: **بەڵام بەمەرجێک تەنیا ئەوەندەی کە پەیوەستە بە بابەتەکەی هەرێم.** چۆن ئەزانن کە من ئەرۆمە ناو باسێکی دیکەوە ؟

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ڕۆژی 2009/4/14 نووسراوەیەکم بەناوی **(هۆنەری خۆ سانسۆر کردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری کوردستان)** بە ئیمەیلی هەرێمی کوردستان، هەروەها بە فاکس و ئیمەیل بۆ بیرۆی حکومەتی کوردستانی ئێراق، لە سوید ناردووە تا ئەوانیش ڕەوانەی کەن بۆیان. ڕەسید، یا قەبز، یا وەسڵی ئەو نووسراوە کە لە کتێبخانەیەکی ستۆکهۆڵمەوە بۆم ڕەوانە کردوون، هەیە بەدەستەوە. **چۆن ئەنووسن هیچمان بەدەس نەگەیشتووە؟ !**

لە نامەی چوارەمدا دەنووسن: **ئەگەر دەتانەوێ وەڵامێکی پوخت لەسەر ئەو ئەو بابەتەی حەمە سەعید حەسەن بنووسن سەرچاو. ئەگەر چی ئێمە خۆمان لێبوردنمان نووسیوە. بەڵام دەکرێ بەڕێزتان شتێک بنووسن. بە پوختی و دوور لە باسکردنی شتی تر کە پەیوەندی بە ئێمە نییە.**

لێرەدا ئەو پرسیارە ئەخەمە بەردەس ئێوە و وەزیری ڕۆشنبیری، مەگەر من داوام لە بەرپرسانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان کردووە ئەو شتە لە گۆڤارەکەیاندا چاپ بکەن، تا ئەوان ئەو مافە بدەن بە خۆیان شەرت و مەرج دیاری کەن؟ پەندێکی کوردی ئەڵێ: **لە بری ئەوەی خاوەن ماڵ دز بگرێ، دز خاوەن ماڵ ئەگرێ.** لە برێ ئەوەی من شەرت و مەرج بۆ ئەوان دابنێم، ئەوان شەرت و مەرج بۆ من دیاری ئەکەن.

بۆ ئاگاداریتان، من هیچ شەرت و مەرجێکم بۆ ئەوان دیاری نەکردووە و نایەکەم، من داوای مافی خۆم ئەکەم و بەس! مافەکەیشم ئەوەیە، ئەو دوو نووسراوە کە پێشتر بۆم ڕەوانە کردوون و ئێستایش لە ڕێگای ئێوەوە بۆیان ڕەوانە ئەکەم، یەکیان لە گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا چاپکرێت. ئەوە شەرت و مەرج و مافی نووسەری ئەم نامە و بەس!

بۆ ئاگاداری، پیش ئەوەی بەرپرسانی بەڕێزی گۆڤاری هەرێمی کوردستان ئەو 2 مەرجە دیاری بکەن، لەو دوو نووسراوەدا ئەوانەم لەبەرچاو گرتووە.

1 - وشەی ناشیرین بەکار نەبردووە، تا **هەستی کەسێک بریندار بێت.** لەو نووسراوانەدا وشەی درۆ بەکار براوە، بە بەڵگەوە درۆکان دەسنیشان کراوە.

2 – نەچوومەتە ناو باسێکەوە کە پێوەندی بەو باسە سیاسییەی گۆڤاری هەرێمی کوردستانەوە نەبێت.



لە نووسراوەی یەکەمدا باسی ئەوە کراوە، کە بە فەرمانی **بەڕێز نەچیروان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستانی ئێراق، پێش بە دادگایکردنی حەمە سەعید حەسەن کە بە هۆی شکایەتی دوکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرینەوە کە لە دادگای هەولێر لێکرابوو، دەگیرێت.**

سەرچاوەی ئەو باسەیشم دەسنیشانکردووە.

ئەوەش وەک پێناسەیەکی حەمە سەعید حەسەن خستومەتە بەردەست خوینەران و بەرپرسانی گۆڤاری هەرێمی کوردستانەوە. ئەوە بۆچ نادروستە؟ بۆ نابێ باسی کرێت؟ جگە لەوەی کە پێش بە دادگاییکردنی دەگیرێت، خەلاتیش ئەکرێت، خەرج و مخارجی ئەو خەلاتکردنە پڕ دەبدەبە و کەبکەبەکانە لە رەنج و خوێنی ئەو میللەتەیە!

لە نووسراوەی دووهەمدا چوومەتە سەر **چالاکی سیاسی** وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراق کە لە چ ئاستێکی نزمدایە، ئایا ئەو باسانە پێوەندیان نییە بەو باسەی کە لە بەشی کاروباری سیاسی گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا چاپکراوە؟ بۆ نابێ رەخنەگرتن لە ئارادا بێ؟

لە هەر دوو نووسراوەکەدا چوومەتە سەر ئەو باسە کە حەمە سەعید حەسەن لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان درۆی کردووە. ئەو باسە 2 بەشە. بەشێکی پەیوەندی بە بەرپرسانی گۆڤارەکەوە هەیە، ئەوان مافی خۆیان چاوپۆشی لەو درۆ ئەکەن، یا لێی ئەکۆڵنەوە! بەشەکەی دیکە پەیوەندی بە نووسەری ئەم نامەوە هەیە، بۆ راست و دروستی قسەکانم وەک بەڵگە دەسنیشانم کردوون. بۆ ئەبێ باسی ئەوە نەکرێت؟

بەڕێز تکایە، وەک سەرۆکی کوردستانی ئێراق ئەو دوو پرسیارە لە وەزیری رۆشنبیری بکەن **:**

**1 – ئەو شەرت و مەرجانەی بۆ نووسەری ئەم نامە کە بەرگری لە خۆیشی ئەکات، دیاری کراوە، ئایا بۆ کەسانی دیکەش ئەو مەرجانە دیاری کراوە ؟**

2 - ئایا کەرامەتی تاکەکانی مرۆڤ بەلای وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی کوردستانی ئێراقەوە گرنگ بووە کە ئەنووسن **(بەبێ بریندار بوونی هیچ کەسێک )**، ئەگەر هەستی خەڵکیان بەلاوە گرنگ ببووە ئەو شتەیان چۆن چاپ کردووە ؟

راستی باسەکە ئەوەیە: ئەو شەرت و مەرجانەیان بۆیە داناوە، کە رێگە لە چاپکردنی ئەو باسانە بگرن، تا خەڵک بە باسە گرنگەکانی وەک دەسدرێژیکردنی بەرێز **نەچیروان بارزانی بۆ سەر دەستووری داوەری کوردستان، هەروەها کەمکارییەکانی وەزارەتی رۆشبیری** کە لەو دوو نووسراوەدا باسیان کراوە، نەزانن. ئەگەر سەرۆکی حکومەتی کوردستانی ئێراق پێشی بەو دادگاییە نەگردایەت و ئەو کەسە خەلات نەکرایەت، ئەم باسە بۆ ئەگەیشتە ناو وەزارەتی رۆشنبیرییەوە؟ **ئایا ناکرێ بڵێن خودی حکومەتی کوردستانی ئێراقیش لەم باسەدا هەر وەک وەزارەتی رۆشنبیری بەرپرسیارە؟** لێرەدا بیر لە ژیانی خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان ئەکەمەوە، کاربەدەستانی حکومەتیی ئەبێ بە چ جۆرێک هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن.

بەڕێز، ئەم نامە و ئەو دوو نووسراوە لە رێگای ئیمەیلی گۆڤاری هەرێمی کوردستان و ئیمەیلی بیرۆی حکومەتی کوردستانی ئێراق، لە سوید- هەروەها لە رێگای چەن سایتی ئەنترنێتییەوە ئەخەمە بەردەستان، لوتف بکەن، پێیان بڵێن لەوە زیاتر دەسدرێژی نەکەنە سەر مافم. ئەو مافە لە هەموو چاپەمەنییەکدا هەیە، ئەگەر لە رێگای گۆڤارێک، رۆژنامەیەک چ بە شێوەیەکی باش، یا بەد باسی کسێک بکرێت، مافی ئەو کەسەیە لە رێگای هەمان بڵاوکراوە وەڵام بداتەوە. ئەگەر وشەیەکی ناڕاست و نا دروست لەو نووسراوانەدا هەیە، هەم خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەکە و هەم حەمە سەعید حەسەن بمدەنە دەس دادگا تا سزای خۆم وەرگرم.

دووبارە تەندروستیان ئاواتمە!
سەعی سەقزی 2009/6/11

## هونەری درۆکردن و هۆنەری خۆ سانسۆرکردن !!

چ ناڕەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش
چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش
چ جوانە، هەرکەسە کارنامەی خۆی، بەیتە دەستی
نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە ناڕەواش هەڵبەستی

سەعی سەقزی 2009/6/1 qayshi@yahoo.com

لە پێشدا داوای لێبوردن ئەکەم، کە لەم نووسراوەدا وشەی **درۆ** بەکار براوە، ئەوە تاوانی من نییە! کەسێک کە کارێک ئەکات پێویستە، کارەکەی نەهێنرێتە خوارەوە و هەر وەک خۆی باس بکرێت!

ئەم چەن دێڕە نووسراوەیەکی ئەدەبی، سیاسی یا کۆمەڵایەتی نییە. ئەم چەن دێڕە روونکردنەوەیەکی پێویستە، ئەبوو زووتر بنووسرایەت و بخرایەتە بەردەست خوێنەرانی سەروەر و بەرپرسانی بەڕێزی گۆڤاری هەرێمی کوردستانەوە!

**سانسۆر**،

سانسۆر کارێکی چەپەڵە کە لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرکانەوە لە کاری چاپەمەنی و ماسمێدیادا ئەنجام ئەدرێت، بەهۆی سانسۆرەوە رێگا لە بڵاو بوونەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، هۆنەری یا سیاسی، بەگشتی ئەگیرێت، یا بەشێکی ئەقرتێنن و پاشان بڵاوی ئەکەنەوە. ئەو کارە بۆیە ئەنجام ئەدەن تا رێگە لە راستی رووداوەکان بگرن و خەڵک بە باسە گرنگەکان، نەزانن.

لە بەشی کاروباری سیاسی ژمارە 438 ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان ئۆرکانی فەرمی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق کە خاوەنی ئیمتیازەکەی وەزیری رۆشنبیرییە، شتێک چاپکراوە بەناوی **بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز** خاوەنی ئەو شتە کەسێکە بەناوی **حەمەسەعید حەسەن**.

بۆ ئاگاداری بەرپرسانی بەڕێزی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، ئەو شتە کە ئێوە وەک بابەتێکی سیاسی چاپتان کردووە، لە مانگی 8 ی2000 دا بە فاکس ناردراوە بۆ گۆڤاری **گزینگ** و **رادیۆ دەنگی کوردستان** لە ستۆکهۆڵم تا بڵاو کرێتەوە، ئەو دوو لایەنە زانیبیان ئەو شتە سەرتاپای درۆیە، سەرتاپای سوکایەتیکردنە و سەبارەت بە کەسێک نووسراوە کە لە ستۆکهۆڵم ئەژی، بڵاویان نەکردەوە، پاشان لە ژمارە 1 ی گۆڤاری **هەڵوەدا** لە نۆروێژ - ژمارە 9 ی گۆڤاری **هاوار** لە ئاڵمان و ژمارە 173 ی **سروە** لە ورمێ بڵاو کراوتەوە.

بەڕێزان ئەو کەسە، ئەو نووسەرە مەزنەی گۆڤاری هەرێمی کوردستان و ... لە ژێرناوی **چیرۆک و ساتیردا** دەستی داوەتە درۆ سازکردن و سوکایەتی کردن بە خەڵک! یەکێ لەو کەسانە نووسەری ئەم چەن دێڕەیە، بۆ ئاگاداریتان تا ئێستا زۆر کەس ناڕەزایی لەو کار چەپەڵانەی ئەو کەسە دەبڕیوە، لێرەدا دوو نموونەی ئەخەمە بەردەست ئێوە و خوێنەرانی سەروەر:

1 – { **( ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان دڵتەنگی خۆمان دەرئەبڕین، ئەگەر هەستی خوێنەرێکی دیاریکراوەی گۆڤارەکەمان بەو ساتێرە بریندار بووبێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانەوێت ئەوە روون بکەینەوە کە ئەو بابەتەی حەمە سەعید حەسەن گەیشتە گۆڤارەکەمان، ئێمەیش وەک نووسەرانی هەر گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ئەم دنیایە لە روانگەیەکی ئەدەبییەوە سەیرمان کرد و بڕیاری بڵاوکردنەوەماندا.)، بەربانگی ژمارە** 112،**ل** 17 }.

2 - **(دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی حەمە سەعید حەسەن دەدات – تایبەت بە مێدیا/ دوای ئەو پێڕاگەیاندنەی کە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر لە** 2004/2/25 **لە رێگەی ماڵپەڕی کوردستانێتەوە ئاراستەی شاعیر و نووسەر( حەمە سەعید حەسەن)ی کردبوو لەسەر ئەوەی کە تەشهیر و تۆمەتی بە سیاسەتمەدار و نووسەر(د. عەبدوڵڵا ئاگرین) کردووە و، تیایدا داوای کردبوو دەبێ لە ماوەی** 2 **مانگدا لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێردا ئامادە بێت و، پاش ئەوەی حەمە سەعید حەسەن بە وتارێک وەڵامی ئەو پێڕاگەیاندنەی دایەوە، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە تۆمەتی ئەوەی کە ئیهانەی دادگا و دادوەر و یاسای حکومەتی کوردستانی کردووە داوایەکی یاسایی لەسەر حەمە سەعید حەسەن تۆمار کرد.** گۆڤاری مێدیا ژمارە 163 – 2004/6/1

بەڵام ناوبراو سەبارەت بەو شتانە کە بەناوی ساتیر بڵاوی ئەکاتەوە، بەم جۆرە وەڵام ئەداتەوە:
**من حەز دەکەم ئەو کەسانە و خوێنەرانیش دڵنیاکەم ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن و ئەو قارەمانە بوونیان نییە، من خۆم دامناون.**
**رادیۆ‹دەنگی کوردستان› ستۆکهۆڵم، ساڵی** 2000 .

نووسەری ئەم چەن دێڕە بۆ بەرگریکردن لە کەرامەتی خۆیی لە نووسراوەیەکی سێ لاپەڕەی بەناوی **(درۆی شاخدار چیرۆکی بەڵگەدار! وەڵامێک بۆ حەمە سەعید حەسەن)** کە ساڵی 2001 لە ژمارە 10ی (هاوار) بڵاو کراوەتەوە، هەروەها لە هەمان ساڵ لە کتێبێک دا بەناوی **(چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟ )** بە بەڵگەوە درۆ و سوکایەتیکردنەکانی ئەو کەسەی خستوەتە روو. بەڕێزان، بەرپرسانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، بەداخەوە لەم نووسراوە کورتەدا ناتوانم برۆمە ناو هەموو خاڵە چەپەڵەکانی ئەو شتە کە ئێوە بەناوی **بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز** چاپتانکردووە، ناچارم تەنیا دوو خاڵی دەسنیشانکەم بۆتان:

1 - لە پەراگرافی دووهەمەدا بەو جۆرە نووسراوە: {**(پرۆگرامی هیچ ڕادیۆیەکیان نابوێرم. بەشداری یەکە بە یەکەیان دەکەم، هەر لە گۆرانی داواکراوەوە تا مشتومڕە فیکرییە خوێناوییەکان و تەنانەت چەلەحانێ جنێوەکانیش ...... )**
**لاپەرە** 15**ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان – ژمارە** 438 }
لەو پەراگرافەدا هەم قسەی راست کراوە و هەم قسەی درۆ! راستەکە ئەوەیە کە نووسەری ئەم چەند دێرە بەشداری لە باسە سیاسییەکانی رادیۆ کورد و فارسییەکان کردووە، بە بەڵگە و دێکۆمێنتەوە چووەتە ناو باسەکان! درۆکەی ئەوەیە: خۆشبختانە کەسایەتییە سیاسییە راستەقینەکان وشەی ناباب و ناشیرین، بەتایبەتی جنێویان بەکار نەبردووە، تا نووسەری ئەم چەن دێڕە لە دێکۆمێنتەکاندا ناچار بووبێ دووبارەی کاتەوە و قسەکانی ئەو نووسەری ئێوە راست بێت! پەندێکی کوردی ئەڵێ: **ئەوە گۆ و ئەوە مەیدان**، فەرموون نموونەیەکی دەسنیشان بکەن.

2 - لە پەراگرافی پێنجەمدا بەو جۆرە نووسراوە: { **( ئێستا بیر و بۆچوون و دیتنەکانم، بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان دەنێرم. جێی داخە چونکە بەرپرسی هیچیان ناناسم، هەمیشە ناوی نازداری خۆم لە پۆستەی خوێنەراندا دەبینمەوە،.......)**
**هەمان لاپەڕەی گۆڤاری هەرێمی کوردستان** }.
نووسەری ئەم چەن دێرە بە پێی توانا لە چاپەمەنییە کوردییەکانی وەک: ( **کۆمار، پەیام- هەنگاو- هەتاو- بەربانگ- گزینگ- کۆنتراکت- کوردستانی ئیمرۆ- کوردستانی نوێ** ) نوسراوەی بڵاو کردووەتەوە، ئەوەش بە لوتفی بەرپرسانی ئەو چاپەمەنییانە بووە! بۆ نووسەر مەرج نییە خاوەن چامەنییەکان بناسێت، خاوەنی چاپەمەنییەکانیش لە رووی ئەو بابەتانەوە کە ئەگاتە دەستیان، ئەتوانن ئەو کەسانە کە نووسراوەیان بۆ رەوانە ئەکەن، بناسن! پێناسەی نووسەریش دوو شتە.
1 - رێزدانان بۆ پێنووس، ئەوەش ئەوەیە پێنووس نەبێت بە چەقۆ.
2 - رێزدانان بۆ خوێنەر! نووسەرە بەتواناکان بەترسەوە بابەت ئامادە ئەکەن! لە چی ئەترسن؟ لەوە ئەترسن کە بابەتەکەیان لاواز و بێهز بێ، بەڵام لەگەڵ ئەو ترسەشدا کە بوویانە و هەیانە، چاوەڕوانی بەخششیان لە خوێنەر بووە و هەیە! لێرەدا خاوەن چاپەمەنییەکان دەستی ماندوو ئەنێنە سەر دڵی گەرم و بەهێز، لەم رەوتەدا کۆمەڵگا لە ژیر سایەی رەنج و تێکۆشانی چاپەمەنییەکاندا لە ئارامی و ئاسایشدا بۆ پێشەوە ئەڕوات!

**هونەری خۆ سانسۆرکردن؟!**

لەو شتەدا کە لە گۆڤارەکانی هاوار- هەڵوەدا- سروە) چاپکراوە، بەو جۆرە نووسیراوە:
**( بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە** 25 **ی ژمارە** 116**یاندا، بۆیان نووسیبووم: ‹ بنێشت بە تورکی ساقزە؛ بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی> ).**
با تماشای گۆڤاری بەربانگ بکەین و بزانین چی نووسیوە: **( برای ئازیزمان کاک سەعید سەقزی لە ستۆکهۆڵم سپاست ئەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. نامەکەت بە کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن گەیشت. چونکە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ سیاسەتی بەربانگ ناگونجێت، ناتوانین بڵاوی گەینەوە. بەربانگی ژمارە** 116 **لاپەڕە** 25 **).**

نابراو، پاش کۆمەڵێک قسەی چەپەڵ و بێ ئەدەبانە ناوی سەعی سەقزی ئەکات بە رەحمان سەقزی و ئەیشفەرموێت: **باڵەوانی چیرۆکەکانم خەیالییە و خۆم دامناون.** راستی درۆی شاخدار چلۆنە؟ لێرەدا یادێک لەو هۆنراوە جوانەی شێخ رەزا تاڵەبانی ئەکەین، کە ئەڵێت:

**چەرمی رووی هێن قایمە شمشێری میسری نابڕێ**
**گەر بە کەوشی کەی ئەمێنی تا قیامەت نادڕێ!**

ئەم چیرۆکنووسە مەزنە لە چیرۆکەدا بەڵگەی رەسمی دەسنیشان ئەکات! ئاخر لە چیرۆکدا چۆن بەڵگە بەکار ئەبرێت؟! لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت، ئەم کەسە لە هونەری چیرۆکنووسیدا تەقەی سەری دێت!

**درۆکردن لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان**

لەو شتەدا کە لە گۆڤاری هەرێمی کوردستان چاپکراوە، بەو جۆرە نووسراوە: **(بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە گۆڤارێک لە پۆستەی خوێنەرانیدا بۆی نووسیم: ‹بنێشت بە تورکی ساقزە، بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی.›).**

وەک ئەبینین ئەو بەشە کە باسی گۆڤاری بەربانگ ئەکات، سانسۆر کراوە. ئەم نووسەرە بەناوبانگە بۆ داپۆشینی هۆنەرە جوانەکانی پێشووی واتە درۆ و سووکایەتیکردن، هۆنەری خۆ سانسۆرکردن ئەنجام ئەدات و لە بەشی کاروباری سیاسی گۆڤاری هەرێمی کوردستان کە گۆڤارێکی رەسمی وەزارەتی رۆشبیری حکومەتی کوردستانی ئێراقە بۆی بڵاو دەکەنەوە! راستی کێ ئەتوانێ بڵێت، لە جهانی هونەر و ئەدەبیاتی ئێمەی کورددا، لە ژێر سایەی حکومەت و وەزارەتە رۆشنبیرییەکەماندا بەرهەمی نوێ و نایاب بەرهەم نایەت، بەڵێ، بەرهەم دێت، بەڵام **بەرهەمەکە کەڵەی ئەدەبیاتییە !**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

وەزارەتی رۆشنبیری هەر حکومەتێک گرنگترین وەزارەتی حکومەتییە، ئەرکی ئەو وەزارەتخانە بریتییە لە پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵ لەسەر رێزبازی رێز و ئێحترام- سەردانەواندن بۆ رەوشت بەرزی- بروا بەخۆ بوون لە رێبازی ژیان- هەستی رەخنەگرتن و رێزدان بۆ رەخنە- پەرەدان بە فەرهەنگی ئەدەبی و ئەدەبدۆستی - و .... . وەک ئەزانین ئەو نیمچە دەسەڵاتە سیاسییەی کە ئەمرۆ لە کوردستانی " ئێراق" لە ئارادایە، بەرهەمی خوێنی سەدان هەزار کەسی ئاسای و کەسانی تێکۆشەری هەموو چین و توێژەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئەو بەشەی کوردستانە! راستی حکومەتێک کە چالاکی سیاسی وەزارەتە رۆشنبیرییەکی بەو جۆرە بێت، ئەبێ بەشەکانی دیکەی چلۆن بێ و ئەو خەڵکە ستەمدیدەیە چلۆن پێشکەون و چلۆن بەختەوەر بن؟!

بەو هیوایە، بەرپرسانی بەرێزی حکومەتی کوردستانی " ئێراق " وردبینانەتر، جوانتر بیر لە رابردووی ئەو خەڵکە ستەمدیدە و دوا رۆژی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری و سیاسییان بکەنەوە، ئەو بارودۆخە کە لە ئارادایە بۆ پەروەردەکرتنی خەڵک بە رێبازێکی شایستەدا رابەری بکەن، نەک تەنیا بیر لە دەسەڵاتی خۆیان کەنەوە .

با لە کۆتایی ئەم چەن دێرەدا باسێکی گرنگ بخەمە بەردەست خوێنەرانی سەروەری هەرێمی کوردستان و.... ئەو کەسە جگە لەوەی کە درۆی لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان کردووە، شتی نووسیوە **بەناوی نووسەری ئەم چەن دێرەوە بەچاپی گەیاندووە!**

**تێبینی:** لە لاپەڕە 27 ی ژمارە 502 ی گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا چەن دێرێک بە ناوی **لێبوردن لە کاکە سەعی سەقزی** لە لایەنی هەرێمی کوردستانەوە بڵاو کراوەتەوە. لەگەڵ سپاس، بە پێویستم زانی ئەو چەن دێرەی سەرەوە بخەمە بەردەست خوێنەرانی سەروەر تا بە جوانی ئاگاداری ئەو باسە بن.

***

**هونەری خۆ سانسۆرکردن و دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان**

چ نارەوایە، بە هێدی بڵێی هەراش
چ بەدە، بە بەدکاریش بڵێی پیاوچاک و باش
چ جوانە، هەرکەسە کارنامەی خۆی، بەیتە دەستی
نە وەسفی زیادە لە کەس کەی، نە نارەواش هەڵبەستی

qayshi@yahoo.com 2009/4/14 سەعی سەقزی

لە پێشدا داوای لێبوردن ئەکەم، کە لەم نووسراوەدا وشەی **درۆ** بەکار براوە، ئەوە تاوانی من نییە! ئەم چەن دێرە نووسراوەیەکی ئەدەبی، سیاسی یا کۆمەڵایەتی نییە. ئەم چەن دێرە روونکردنەوەیەکی پێویستە، ئەبوو زووتر بنووسرایەت و بخرایەتە بەردەست خوێنەرانی سەروەر و بەرپرسانی بەڕێزی (گۆڤاری هەرێمی کوردستان)!

**سانسۆر**،
سانسۆر کارێکی چەپەڵە کە لە لایەن دەوڵەتە دیکتاتۆرکانەوە لە کاری چاپەمەنی و ماسمێدیادا ئەنجام ئەدرێت، بەهۆی سانسۆرەوە رێگا لە بڵاو بوونەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، هۆنەری یا سیاسی بەگشتی ئەگیرێت، یا بەشێکی ئەقرتێنن و پاشان بڵاوی ئەکەنەوە. ئەو کارە بۆیە ئەنجام ئەدەن تا رێگە لە راستی رووداوەکان بگرن و خەڵک بە باسە گرنگەکان، نەزانن.

لە بەشی کاروباری سیاسی ژمارە 438 ی گۆڤاری هەرێمی کوردستان دا شتێک چاپکراوە بەنای **بیرەوەرییەکانی گوێگرێکی زیز**– خاوەنی ئەو شتە کەسێکە بەناوی حەمەسەعید حەسەن. ناوبراو ئەو شتەی لە مانگی 8 ی2000 دا بە فاکس ناردووە بۆ (گۆڤاری گزینگ) و رادیۆ (دەنگی کوردستان) لە ستۆکهۆڵم تا بڵاوی کەنەوە، ئەو دوو لایەنە زانییان ئەو شتە سەبارەت بە کەسێک نووسراوە کە لە ستۆکهۆڵم ئەژی، بڵاویان نەکردەوە! پاشان لە (ژمارە 1 ی گۆڤاری هەڵوەدا لە نۆرویژ)- (ژمارە 9 ی گۆڤاری هاوار لە ئاڵمان) و (ژمارە 173 ی سروە لە ورمێ) بڵاوی دەکاتەوە.
ئەم کەسە لە ژێرناوی **چیرۆک و ساتیردا** دەستی داوەتە درۆ سازکردن و سوکایەتی کردن بە خەڵک! یەکێ لەو کەسانە نووسەری ئەم چەن دێڕەیە! تا ئیستا زۆر کەسی دیکە نارەزایییان لەو کارە چەپەڵانەی دەبڕیوە.
بەڵام ناوبراو بەم جۆرە وەڵام دەداتەوە: **من حەز دەکەم ئەو کەسانە و خوێنەرانیش دڵنیاکەم ئەو ساتیرانە زادەی خەیاڵن و ئەو قارەمانە بوونیان نییە، من خۆم دامناون.** رادیۆ‹دەنگی کوردستان› ستۆکهۆڵم، ساڵی 2000 . نووسەری ئەم چەن دێرە بۆ بەرگریکردن لە کەرامەتی خۆیی لە نووسراوەیەکدا بەناوی **(درۆی شاخدار چیرۆکی بەڵگەدار! وەڵامێک بۆ حەمە سەعید حەسەن)** کە ساڵی 2001 لە ژمارە 10ی (هاوار) بڵاو کراوەتەوە، هەروەها لە هەمان ساڵ لە کتێبک دا بەناوی **(چیرۆکنووس یا کینۆکنووس؟)** بە بەڵگەوە درۆکانی ئەو کەسەی خستوەتە روو!

**هونەری خۆ سانسۆرکردن؟!**
لەو شتەدا کە بۆ گۆڤارەکانی هاوار- هەڵوەدا- سروە)ی ناردە بەو جۆرەی نووسیوە: **(بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری بەربانگ، لە لاپەرە** 25 **ی ژمارە** 116**یاندا، بۆیان نووسیبووم:** ‹ **بنێشت بە تورکی ساقزە؛ بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی>)**. با تماشای بەربانگ بکەین و بزانین چی نووسیوە: **(برای ئازیزمان کاک سەعید سەقزی لە ستۆکهۆڵم سپاست ئەکەین بۆ لێپرسینەوەت لە گۆڤارەکەمان. نامەکەت بە کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن گەیشت. چونکە ناوەرۆکەکەی لەگەڵ سیاسەتی بەربانگ ناگونجێت، ناتوانین بڵاوی گەینەوە.** بەربانگی ژمارە 116 لاپەڕە 25 **)**.

نابراو، ناوی سەعی سەقزی ئەکات بە رەحمان سەقزی و ئەیشفەرموێت باڵەوانی چیرۆکەکانم خەیالییە و خۆم دامناون. راستی درۆی شاخدار چلۆنە؟ لێرەدا یادێک لەو هۆنراوە جوانەی شێخ رەزا تاڵەبانی ئەکەین.

**چەرمی رووی هێن قایمە شمشێری میسری نابڕێ**
**گەر بە کەوشی کەی ئەمێنێ تا قیامەت نادڕێ!**

ئەم چیرۆکنووسە زانایە لە چیرۆکەدا بەڵگەی رەسمی دەسنیشان ئەکات! ئاخر لە چیرۆکدا چۆن بەڵگە بەکار ئەبرێت؟ لێرەدا بۆمان دەرئەکەوێت، ئەم کەسە لە هونەری چیرۆکنووسیدا تەقەی سەری دێت!

**درۆکردن لەگەڵ گۆڤاری هەرێمی کوردستان دا**

لەو شتەدا کە بۆ گۆڤاری هەرێمی کوردستانی ناردووە، بەو جۆرەی نووسیوە: **(بە ئازارترین نسکۆی من، ئەو جارە بوو کە گۆڤارێک لە پۆستەی خوێنەرانیدا بۆی نووسیم: ‹بنێشت بە تورکی ساقزە، بەوەدا هەر وەکوو بنێشت توند پێمانەوە لکاوی و بە هیچ جۆرێ لە بەرۆکمان نابیتەوە، هەق بوو ناوت ڕەحمان ساقزی بێ، نەک سەقزی.› ).** وەک ئەبینین ئەو بەشە کە باسی گۆڤاری بەربانگ ئەکات سانسۆر کراوە. ئەم نووسەرە بەناوبانگە بۆ داپۆشینی هۆنەرە جوانەکەی پێشووی، هۆنەری خۆ سانسۆر کردن ئەنجام ئەدات و لە بەشی کاروباری سیاسی گۆڤاری هەرێمی کوردستاندا کە گۆڤارێکی رەسمی حکومەتی کوردستانی ئێراقە بڵاوی ئەکاتەوە!
لێرەدا سێ پرسیارە دێتە ئاراوە.
1- لە بەرانبەر ئەو درۆدا هەڵوێستی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک خاوەنی گۆڤاری هەرێمی کوردستان، چۆن دەبێت ؟
2 - دەسەکەوتی چاپکردنی ئەو شتە لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە جگە لەوەی کە خوێنەر فێری درۆکردن و سوکایەتیکردن بە خەڵک دەبێت، چییە؟
3 - گۆڤاری هەرێمی کوردستان، گۆڤارێکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەو شتە بکرێ بە فارسی، یا تورکی، یا عەرەبی و ..... رووناکبیرانی تورک و فارس و عەرب و ..... بیخوێننەوە، گاڵتە ناکەن بە میللەتی کورد و ناڵین ئەوەیە چالاکی سیاسیتان؟!
راستی کێ ئەتوانێ بڵێت، لە جهانی هونەر و ئەدەبیاتی ئێمەی کورددا بەرهەمی نوێ و نایاب بەرهەم نایەت، بەڵی، بەرهەم دیت، بەڵام بەرهەمەکە کەڵەی ئەدەبیاتییە!

بۆ ئاگاداری: لەو شتەدا چەن درۆی دیکەی ساز کردووە، پێویستە بخرێتە روو! هەروەها شتی نووسیوە بە(**ناوی**) نووسەری ئەم چەن دێرەوە بەچاپی گەیاندووە! ئەگەر بەرپوەبەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان هاوکاری بکەن، بە بەڵگەوە ئەیخەمە بەردەست خوێنەرانی گۆڤارەکە! هیوادارم لەو بارەوە بە دڵفراوانی بێنە پێشەوە، ئەگەر قسەکەم راست نەبوو، **هەم بەرپرسانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان و هەم خودی حەمە سەعید حەسەن لە دادگای حکومەتی هەرێم، یا دادگای سوید داوای سزا دانم بکەن!**

**دەسدرێژیکردن بۆ سەر دەستووری دادوەری کوردستان**

**(دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر فەرمانی دەستگیرکردنی حەمە سەعید حەسەن دەدات – تایبەت بە مێدیا/ دوای ئەو پێڕاگەیاندنەی کە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر لە** 2004/2/25 **لە ڕێگەی ماڵپەڕی کوردستانێتەوە ئاراستەی شاعیر و نووسەر( حەمە سەعید حەسەن)ی کردبوو لەسەر ئەوەی کە تەشهیر و تۆمەتی بە سیاسەتمەدار و نووسەر(د. عەدوڵڵا ئاگرین) کردووە و، تیایدا داوای کردبوو دەبێ لە ماوەی** 2 **مانگدا لەبەردەم دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێردا ئامادە بێت و، پاش ئەوەی حەمە سەعید حەسەن بە وتارێک وەڵامی ئەو پێڕاگەیاندنەی دایەوە، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر بە تۆمەتی ئەوەی کە ئیهانەی دادگا و دادوەر و یاسای حکومەتی کوردستانی کردووە داوایەکی یاسایی لەسەر حەمە سەعید حەسەن تۆمار کرد.** گۆڤاری مێدیا ژمارە 163 – 2004/6/1 ) .

**بەڵام هێشتا دوو سێ رۆژ بوو لێرە بووم کە کاک نێچیروان بارزانی خۆی سەردانی منی کرد و زۆر سوپاسی ئەو هەڵوێستەی دەکەم، ئەو گوتی چونکە لێرە سەرۆکی هەرێم نییە، پەرلەمان بەشێکی زۆری سەلاحیەتەکانی سەرۆکی هەرێمی بە من داوە وەک سەرۆکی حکومەت، بە شێوەیەکی رەسمی و بە پێی ئەو سەلاحیەتەی کە هەمە وەزارەتی دادم ئاگادار کرۆتەوە کە ئەو دۆسییە دابخەن.** گۆڤاری مێدیا ژمارە 179 – 2005/1/28

**(بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی دەست کوردستان نێت کەوتووە، حەمە سەعید حەسەن ئەو بڕیاری گرتنەی کە بە هۆی شکایەتی یاسایی عەبدوڵڵا ئاگرینەوە لە دادگای هەولێر لێکرابوو، بە بڕیارێکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پوچەڵکراوەتەوە، بڕیارەکەی سەرۆکی هەرێم پشت بەو دەسەڵاتە دەبەستێ کە بە خودی سەرۆک بەخشراوە.** کوردستان نێت 2004/12/30

ئەرکی حکومەت ئەوەیە دەستوور لە کۆمەڵگادا پیادەکات، بەڵام لە سیتمی دەسەڵاتداری تاکە کەسیدا، رێگا لە پیادەکردنی دەستوور ئەگیرێ و بەبڕیارێک، بڕیارە دەستوورییەکان پوچەڵئەبنەوە.